**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە ٩٧٣٨ لە ٢٠٢٢/٧/٣**

## بڕیاری ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

پشبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢ ، و دوا بەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٢/٤/١٣ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

**یەکەم:** هەڵپەساردنی کارکردن بەمەرجی مۆڵەتی هاوردەکردن (اجازة الاستیراد) بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ تاکو ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٧ بە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

١- جێبەجێکردنی سەرجەم مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هاوردەکردنی ئاژەڵ تایبەت بە ڕێکارە ڤێتەرنەرییەکان و مەرجی پشکنین و کەرەنتینەکردن لە دەروازە سنورییەکان و کەرەنتینەی فرۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی (هەولێر و سلێمانی) .

٢- لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو میکانیزم و پلانی هاوردەکردن ڕێکدەخرێت (بە بێ دیاریکردنی ڕەسیدی کۆمپانیاکان ) بە لەبەرچاوگرتنی بەرهەمی ناوخۆی خاوەن ئاژەڵ و پێداویستیی بازاڕ و پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و نەبوونی کاریگەریی نەرێنی لەسەر سامانی ئاژەڵی ناوخۆیی .

٣- ڕەچاوکردنی دۆخی کەمی لەوەڕگاکان و کەمی ئالیك و مادده عەلەفییەکان و نرخەکانیان کە بارگرانی دروست دەکات بۆ سەر خاوەن ئاژەڵی ناوخۆ .

٤- هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بەپێی ئەم بڕیارە بۆ دابینکردنی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمدا.

**دووەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێداچوونەوەی پێویست دەکات بە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە دوای ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٧ ، واتە دوای تەواوکردنی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیاری (١٤٥)ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی لەو ماوەیەدا و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتەوە .

**سێیەم:** وەزارەت و لایەنەپەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**